پێشکەش بە لیئون وێرس

لە زاروکان داوای لێبوردن دەکەم کە ئەم کتێبەم بە مە زنێك پێشکەش کردووە. بۆ ئەو کارەم دەلیلیکی سەرنجراکێشم هەیە: ئەم مروفە مەزنە باشترین دوستیکە کە من لەم جیهانەدا هەمە. دەلیڵیکی دیکەشم هەیە: ئەم مروڤە زۆر دەفامێنێ. تەنانەت لەکتیبی زاروکانیش دەگا. دەلیلێکی سێهەمیشم هەیە: ئەم کەسە لە فەرەنسەدەژی, لەوێ برسییە ، سەرمای دەبێ و پیویستیی بە دڵدانەوە یە. ئەگەر هەموو ئەو هۆیانەم دارماڵ نەبن , دەمەوێ ئەم کتێبەم بە منداليی ئەو مرۆفە مەزنە پێشکەش بکەم. هەموو مەزنان روژێك گچکە بوون

( هەرچەند کەمیان لەبیریانە) لەو رووەوە سەردیری دیارییەکەی خۆم بەو شیوەیە راست دەکەمەوە:

پیشکەش بە سەردەمی منداليی لئون وێرس

وەرگێردراوی کتێبی میرۆ( شازادە گچکە- شازادەچکۆل- شازادە چکۆڵـە –گچکە شا- شازادە پچکۆڵانـە)

قازی و شاملو

یەکەمجار لە ئەنستیتوی فەرەنسییەکان لە تاران ناوی ئانتوان سینت ئیگزوپری و کتیبە بە ناوبانگەکەیم بە ناوی میرۆ(شازادە چکۆل ) بیست. ماموستاکەمان خانمیکی بە هەست بوو. هەر لە یەکەم روژی سالی دووهەمی خویندنمان هەولیدا نوسەرە بەناوبانگەکانی ولاتەکەی بە ئێمە بناسێنێ. هوگوی وەکو مرۆفدۆستیك خۆشدەویست. فلوبیری پێ داستاننوسیکی کارامە

بوو. رومەن رولان خاوەن خەڵاتی نوبیلی پێ مەزن بوو. کە دەهاتە سەر ئیگزوپری گڕی دەگرت. بە هەموو هەستییەوە، وشە بەوشەی کتیبی شازادە گچکەی لەبەر دەگوتەوە. تەنانەت بە یەك دووحەرەکەتی دەست شکلی فیل و کلاو و بەرخوڵە و ماری بوا( هەژدیها -حەزیا ) دەکێشایەوە. مانگیك تینەپەریبوو کە پیی راکەَ یاندین ئەو کتێبە لەبەر کەین . سەرەتا پیمان سەیر بوو. یەك دووکەس گوتیان ئەوان زاروك نین و ئەو کارە ناکەن . ماموستاکە گوتی ئەوەی نایەوێ ئەو کارە بکات، دەستی بەرزبکاتەوە. لەو نیوەدا من و سێ کەسی دیکە دەستمان بەرز کردەوە. من کە لە پیشەوە دانیشتبووم ماموستاکە روی تێکردم و گوتی، تو ناتەوێ بچیە سەیرانگای جیهانی رەنگَ و خوَشەویستی و لە فەلسەفەی ژیان شارەزابی و کەمووکوورییەکانی ژیان ببیسی؟ گوتم مەگەر ئەو کتیبە بو منالان نەنووسراوە؟ گوتی بەڵێ. بو ئەوانەیبە تەمەن منداڵ و بە هزر پیرن نە پیری منداڵ. تو لەکامیانی؟ زوبە پیم بڵێ ! چاوم لە نیوچاوانی بڕی. بزەیەکی هاتی و گوتی، حەوتوی دادێ من یەکەم کەس دەبم بو لەبەر خویندنەوەی لاپەرەی یەك و دووی کتێبی شازادە گچکە. بەو جورە من لەگەڵ جیهانی رەنگَ و ئەوین و ژیان و فەلسەفەی ژین و کەموکووڕییەکانی کومەڵ لە زمانی ئێگزوپیرییەوە ئاشنا بووم. سێساڵ دوواتر و لە تیپەرکردنی ئەزموونی دادوەری, 7کەس لەراویژکەرانی دیوانی بەرزی وڵات لەو تاقیکارییەدا کە بوئیمەیان دانابوو بەشداربوون. لە وەڵامی پرسیاریکدا کە گوترا بوو چ کتێبیکی سەرنجراکیشم خویندووەتەوە، ناوی کتیبەکەی ئیگزوپریم بردبوو. یەك لەو موستەشارانە ( راوێژکاران ) لە مەر

ئەو کتێبە پرسیاری لێکردم. منیش ئەوەی کە لەو ماموستا فەرەنسییەم بیستبوو بوم گیرایەوە. هەستم کرد ئەویش شوقێك پەریە نیو چاوانی‌و بزەیەکی هاتە سەر لیوان و گوتی: "بلی کتابیست بسیار با ارزش متشکرم که مرا بەباز خوانیش یاداوری کردید" . بەڵێ کتێبێکی بە نرخە، سوپاسوێژتم، وەبیرت هێنامەوە کە بیخوێنمەوە. پاشان سی چوار دیری لەبەر خویندەوە و منیش لەو جیگەیەی ئەو بەسی کرد و راوەستا,دێری دواتریم خوێندەوە. هەر ئەو کورتە باسە بەس بوو بۆ ئەوە کە کوبونەوەی ئەو بەریزانە لەو حاڵەتی ئیشك و رەسمییە بێتە دەرێ... بەوەبیر کەوتنەوەی ناوی ئەو نووسەرە بزەیان بکەویتە سەر لیوان و شادیی یەکی نەدیار بچزێتە لەشیانەوە.

ئەم نووسەرە و بەسەرهاتەکەی فیریان کردم چون بژیم. دیارە ئەوەی بە پیی نوسراوەکەی ئەو بژی و لەو روانگەیەوە لە کومەڵ بروانێ نابێ چاوەرووانی بەسەرهاتیکی باشترلە بەسەرهاتی من و نوسەر و شازادەکەی بێ.

7ساڵ پاش شورشی گەلانی ئیران لەژێر گرمەی تۆپ و هاڕەی تەیارە,لە داوینی چیای سەرکەش ولە بن سیبەری داربەروان واتە ئەو کاتەی ئەندامی کۆری نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان بووم، ئەو کتیبەم بە کوردی تەرجەمە کرد کە هەتا ئیستا بوم نەکراوە بڵاوی بکەمەوە.

هاتنە دەرەوە لە وڵات و بەربەرەکانی لەگەڵ گیروگرفتی تازەی ژیان و هەوڵدان بو فیربوونی زمانیکی دیکە و نەبوونی کەمترین دەرەتان؛ ئەوەی لەبیر بردمەوە کە ئەو کتیبەم وەرگیراوە و رۆژیك دەبی بیخەمە بەر دەستی خوینەری کورد.

لەم روژانەدا بە هوی موجزەی ئینترنێت و گەران بەدوای کتیبباندا لێگەر یان پشکێنەری گوگل لە ژێر ناوی شاملو دا وەرگیردراویکی دیکەی ئەو کتیبەی بە زمانی فارسی پیناساندم. زورم پیخوش بوو تەرجەمەی ئەو شاعیرە کە بەزمانی فارسییە لە گەڵ تەرجەمەکەی ماموستای نەمر محەممەدی قازی کە ئەویش هەر بەو زمانەیە، لەبەریەکیان دانێم. پیویستە بگوتری کە" شازادە کوچولو''ی ماموستا قازی بەر لە ورگێرانەکەی شاملووکراوە بە فارسیی. بومن ئەو کارە سەرنج راکیش بوو کە چۆنە شاملو کتێبیکی تەرجەمە کردووەتەوە کە لەمەوبەر لە لایەن محەممەدی قازییەوە تەرجەمە کرابووە . پیموابوو دەبی کەموکوورییەك لە کاری قازییدا بووبێ کە شاملوو بوێ راست کرد بێتەوە. یان فارسی نووسینی شاعیرانەی شاملو دەبی تام و چێژیکی زیاتری دابی بە تەرجەمەکە. کاتێ تەرجەمەی ئاڵمانی و ئینگلیزی و دەقە فەرەنسییەکە لە لای تەرجەمە فارسییەکان دابندرێن دەردەکەوێ کە تەرجەمەکردنەوە پیویستیی بە ئەزموونێکی زورە، ئەوە بەس نییە کە کەسێك وشە زور بزانێ یان شاعیر بێ تا بتوانی وەرگێرێکی باش بێ. هەر چەند قازی بوخوی شاعیریکی بە هەست و لێزان بوو و لە شیعری فارسیدا ئەگەر لە ریزی شاعیرانی هەرە پێشەوەی سەردەمی خۆی نەبووبێ بێگومان کەمتر لە شاعیرانی ئەو سەردەمەی خوی نەبووە. ئەگەرچی بوخوی وەکو عادەتی کوردانە، هەرگیز خوی هەڵنەکیشاوە: " درختان بارور خم میشوند و مردان بزرگ تواضع مینمایند (داری بەرگرتوو شۆر دەبنەوە و گەورەپیاوانیش خۆ بەکەم دەگرن".

تاقمێك دەڵێن شاملو شاعیریکی مەزنە و لە شیعری نوێ دا ئەستوندکە. هەر چەند من شیعرەکانی شاملوم خویندونەوە و جاروبار بە هەڵکەوت چاویکیان پیدا دەخشێنم ، بەلام هەرگیز نەمتوانیوە شیعرەکانی لە ریزی فەرهەنگی کوچەی دانیم یان پیموابێ وەکو پەخشانەکانی دێنەوە. هەژاری نەمری کورد فەرموبووی : "ئەوانەی کە شاملو دەیانلێ پیم شیعر نین دە با کافربم". بۆ منیش زۆر سەیر و سەرنجراکێش نین.

دەلێن ئەگەر بو کەسیك ریکەوت کە لەبازاری ئەدەبدا جارچی جاریان بوکیشا، ئیدی کار تەواوە و نانی لە روندا خووساوە. وەکو دەلێن، زۆربەی شاعیرە نیوبەدەرەوەکانی ئێرانی سەرچاوەی ئیلهامی شێعرییان شێعری شاعیرانی دەرەوە یە، کە بە ئاڵوگوریکی پچووکەوە ئەو ئیلهامە شیعرییە دەکری بە فارسی و بە ناوی شاعیرەوەبلاو دەکریتەوە, بی ئەوە بە خەیاڵیشدا بێ کە رۆژیك ئەو شیرینکارییە دەردەکەوێ. شاملو بوخوی ئەو کارەی لە فروغ فرخزاد لە قاودا و گوتی: شیعری بەناوبانگی دستهایم را در باغچه میکارم هی فلانە شاعیری فەرەنسییە و ... دیارە چەند کەسێك لە شاعیرە ناودارەکانی ئیستای کوردیش کە عەرەبی بزانن لەو قاعیدەیە لایان نەداوە. البیاتی , ادونیس , قبانی و محمود درویش دیوانگەلی تاقمێك لە شاعیرانی کوردیان دەوڵەمەند کردووە، بێئەوە یەکجاریش بە خشکە درکاندبیان کە "کەڵە" شاعیری بەناوودەنگ سەرچاوەی ئیلهامەکەی فلانە شاعیری عەرەب بووە.

لەبەراوەردکردنی لاپەرەی 2-1ئەو دوو تەرجەمەیەدا دەردەکەوێ کە شاملو ویستوویە بزانی تاکوێ لەو بوارەدا

دەتوانی مەیدانداری قازیی دەکا. وادیارە شاملو لەو کێبەر کێیەدا لەگەڵ قازی سەرکەوتوو نەبووە. با پیکەوە لە لاپەرەی یەکەمەوە ئەو تەرجەمانە لەبەر یەك دانیین و پاشان لە گەڵ تەرجەمەکانی دیکە بە زمانگەلی ئاڵمانی و ئینگلیزی بەراوەردیان بکەین و بزانین لەبنەرەتدا کاری تەرجەمە چونە.

سەرەتای چیروکەکە لە کتیبەکەی قازیدا ئاوا تەرجەمەکراوە:

وقتی شش ساله بودم روزی درکتابی راجع به جنگل بکر که "سرگدشتهای واقعی" نام داشت یك عکس خوشگل دیدم. این عکس مار بوا را نشان میداد که حیوان درندەایرا میبلعید. اینك نسخەای از ان عکس

تەرجەمەی شاملو:

یکبار شش سالم بود توکتابی بنام سرگدشتهای واقعی که دربارەی جنگل بکر نوشته شده بود تصویر محشری دیدماز یك مار بوا که داشت حیوانی را میبلعید. ان تصویر یك چنین چیزی بود.

تەرجەمەی ئاڵمانی و ئینگلیزیی و فەرەنسییەکەی لە تەرجەمەکەی قازی نزیکترین:

کاتی شەش ساڵانە بووم لە کتێبێکدابەناوی " سەربهوردە راستەقینەکان " ی تەریکە لیرەواریك ، چاوم بە وێنەیەکی خوشیک کەوت . وێنەکە هی ماریکی بوئا( هەژدیها- حەزیا) بوو, کە دڕندەیەکی هەڵدەلووشی.

**Lorsque j'avais six ans j'ai vu, une fois, une magnifique image, dans un livre sur la Forêt Vierge qui s'appelait "Histoires Vécues". Ca représentait un serpent boa qui avalait un fauve. Voilàla copie du dessin.**



**Once when I was six years old I saw a magnificent picture in a book, called *True Stories from Nature,* about the primeval forest. It was a picture of a boa constrictor in the act of swallowing an animal. Here is a copy of the drawing.**

**In the book it said: "Boa constrictors swallow their prey whole, without chewing it. After that they are not able to move, and they sleep through the six months that they need for digestion."**

**I pondered deeply, then, over the adventures of the jungle. And after some work with a colored pencil I succeeded in making my first drawing. My Drawing Number One. It looked something like this:**



**ALS ICH SECHS JAHRE ALT WAR, SAH ICH EINMAL INEINEM BUCH ÜBER DEN URWALD, DAS ‘„ Erlebte Geschıchten„ hıess, eın praechtıges Bıld. Es stellte eıne Rıesenschlange dar, wıe sıe eın Wıldtıer verschlang.**

**********

Once when I was sıx years old I saw a magnıfıcent pıcture ın a book, called True Stories from Nature, about the primeval forest. It was a picture of a boa constrictor in the act of swallowing an animal. Here is a copy of the drawig**.**

ئەوانە دەقی فەرەنسییو وەرگیردراوەی ئەو بەشە ئاڵمانی و ئینگلیزییەیەتی.

ئاڵمانییەکەی لەگەڵ فەرەنسییەکەی دەقاودەق نین. وەرگیرە ئاڵمانییەکە ماری بوئای بە زلەمار هیناوە. هەر وەها ئەودیرەی کە دەلی ئەوەش کوپی یا پەردەیەکی ئەو نیگارەیە لە تەرجەمەکەدا نەهاتووە.

بەلام لەتەرجەمەکەی شاملودا کە دەلێ :

یکبار شش سالم بود , لەگەڵ دەقە فەرەنسییەکەیدا کە دەلی: کاتی , زەمانێ, دەمێ, فەترەیەك , وەختێك . فارسییەکەی دەبیتە وقتی , زمانی, هنگامی, انوقتها, انزمان یەککگرتوو نین. چونکە یکبار بو ژماردن دەگوترێ و یکبار بە مانای زەمان و کات مەگەرلە شیعردا و بە دەگمەن بە مانای" یکزمان" نەهاتووە.

**manifique**ئەو وشەیە مانای "محشر" نادا , هەر چەند لە ئاخافتنی نە رەسمیی و زارەکیی ئەو وشە یە بو گەیاندنی شتیکی سەیرو سەمەرە دەگوترێ . بەلام لیرەدا ئەو مانایەی نییە. قازی وشەی "خوشگل"ی فارسیی بە واتای خوین شیرین, بدەو, رند, خوشیک, خوشکوک و دڵگر بۆ **manifique** هیناوە. خوشگل کە بە فارسی تودل برو مانای لیدەدرێتەوە , دڵگر و رەزاشیرین دەگەیەنێ.

**On disais boas avalent leur proıe tout entıere, sans la macher.Ensuıte ıls ne plus bouger et ıls dorment pendent les sıx moıs de leur dıgestıon. J,aı alors beaucoup réfléchı sur les aventures de la jıngle et,dans le livre: " Les sepents a**

قازی: دران کتاب حکایت کرده بودند که مارهای بوا شکار خودرا بی انکه بجوند درسته قورت میدهند. بعد, دیگر نمیتوانند تکان بخورند و در شش ماهی که به هضم ان مشغولند میخوابند.

من انوقت در بارەی ماجراهای جنگل بسیار فکر میکردم و بنوبەی خود توانستم با مداد رنگی , تصویر شماره 1 را که اولین کار نقاشی من بود بکشم. ان تصویر چنین بود.

شاملو: تو کتاب امده بود که: مارهای بوا شکارشانرا دروسته قورت میدهند. بی انکه بجوندش . بعد دیگر نمیتوانند بجنبند بعد تمام شش ماهیرا که به هضمش مشغولند میگیرند میخوابند.

لەو کتێبەدا هاتبوو کە مارەکانی بوئا نێچیرەکانیان بەتەواویی قووتدەدەن. بێ ئەوە بیجوون. دوایە ئیدی ناتوانن ببزون.دوایە تەواوی ئەو شەش مانگەی خەریکی ئەزمکردنین بۆیدەخەون.

لەو کتێبەدا گێرابۆویانەوە کە مارگەلی بوئا، نێچیرەکانی خۆیان ناجوون و بە خڕیی رۆیان دێڵن.دوایە، ئێتر ناتوانن ببزوون و لەو شەش مانگەدا کە خەریکی ئەزمکردنیانن دەخەون.

ئەوکاتە من زۆرم بیر لە رووداوەکانی لێرەواردەکردەوە و بە نۆبەی خۆم توانیم بە قەڵەم رەنگی شکڵی ژمارە 1 کە یەکەمین کاری نیگارکێشانی من بوو بکێشمەوە . ئەو رەسمەش ئاوا بوو:

شێوەی نووسینی نووسەری کتێبەکە زۆر بەرز و رەسمییە. دوور لە زمانی منداڵانە و دوور لە زاراوەی تایبەت بە ناوچەیەکە. هەموو فەرەنسییەک لێی تێدەگا و لە خوێندنەوەی ماندوو نابێ. قازی هەر ئەو شێوەیەی لە وەرگێرانەکەدا بەکار هێناوە و هەرکەسێک فارسیی خوێندبێ لێی تێدەگا. دەکرێ بگوترێ کە رەوانی و رێکی و لووسی وشە لە دەست قازیدا لە رادەیەک دایە کە مرۆڤ هەست بەوەناکا کە ئەمە تەرجەمەیە. بەڵام لە وەرگێرانەکەی شاملوودا هەوڵدراوە

سەنگنیی و شکۆداریی زمانەکە بگۆڕدرێ و بە خەیال حاڵەتی منداڵ چێژی پێبدرێ کە، بەبروای من سەرکەوتوو نەبووە.

بۆ نموونە کاتێ شاملوو دەڵێ: یکبار شش سالم بود تو کتابی بنام سرگذشتهای واقعیکه دەربارەی جنگل بکر نوشته شده بود – تصویر محشری دیدم از یك مار بوا که داشت حیوانی را میبلعید. ان تصویر یك چنین چیزی بود

1- **Lorsque j'avais six ans** دەکرێ یەك لەو چەند دێرە ببنە تەرجەمەکەی: شەش ساڵێکم تەمەن بوو. یان کاتێ کە لە تەمەنی شەش ساڵیی دا بووم. یان کاتێ کە شەش ساڵانە بووم.یان لەتەمەنی شەش ساڵییدا بووم...

2- شاملوو دەڵێ : یکبار شش سالم بود کە وشەی یکبار" نە لە باری ماناوە وردە و نە تەرجەمەی **Lorsque j'avais six ans** یە.

لە باری سروشتییەوە مرۆڤ هەر جارێك شەش ساڵانەیە نە چەند جار. وشەی یکبار دەبێتە تاقەجارێك، کەڕەتێك. وشەی Lorsque هاوتای als ئاڵمانی و ئینگلیزی once یە و بە مانای تاقەجارێك یان کەرەتێك نییە، بەڵکو بە مانای کاتێ سەردەمێك وەختێ هتد... یان شاملوو کە دەنووسێ:" تو کتابی تصویر محشری دیدم" ڕەنگە بۆ خەڵکی تاران شتێکی ئاسایی بێ و بەشێك لێی تێبگەن ، بەڵام خۆ زمانی فارسی ئەوە نییە کە خەڵکی تاران پێیداخفن. ئەوەی کە خەڵکی تاران پێی دەدوێن بە زاراوەی تارانی ناودەبردرێ. ئەو فارسییە نە ڕەسمییە. لەو رووەوە کە نووسەری کتێبەکە بە زاراوە یان زمانی نەرەسمیی

فەرەنسیی نەنووسیوە، مامۆستاشاملو ڕێی دەستی هەبووە و باشتر وابووە شێوە نووسینی نووسەری ڕەچاو کردبایە.
تەرجەمە کاتێك سەرکەوتووە کە شێواز و نێوەرۆکی نووسراوە سەرەکییەکە نەگۆڕدرێ.
بەگشتی دەکرێ بگوترێ کە 3 شێوە بۆ وەرگێران هەیە :
یەکەم ، تەرجەمەی دەقاودەقە، کە بۆ قەرارداد بەڵگەی مێژویی ، پەسندکراوەکانی نێو دەوڵەتی، قەباڵە، سەنەدی مڵکی و بەڵگەی بازرگانی کەڵکی لێوەردەگیرێ. واتە هەوڵدەدرێ تێکست و وەرگێردراو دەقادەق بن وکەم و زیادێك لە وەرگێرانەکەدا نەبێ. بۆ نموونە لە قەراردادێکی بازرگانیدا کە وشەی and بەمانای وێرا، لەگەڵ ، یان، مانا بکرێتەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە زیان و سوودیکی چاوەروان نەکراو بۆ هەرکام لە لایەنەکان لە کاتی پێکهاتی ناکۆکیی داپێك بێنێ.
دووەم چەمکی واتە مەفهوومی. لەو شێوەیەدا وەرگێر لە کاری ئەدەبییدا مەفهومی نووسراوەکە دەدا بەدەستەوە.
سێهەم ئازادە، واتە وەرگێر لە کارەکەیدا خۆی لە چوارچێوەی مەفهوومیشدا قەتیس ناکا و شکڵ و نێوەرۆکی وەرگێردراوەکە ئەوەنییە کە بابەتە سەرەکییەکە هەیەتی.
حاڵەتی یەکەم و دووهەم جێێ متمانەن بەڵام لە شێوەی سێهەمدا کە بە شێوەی ئازاد ناو دەبردرێ وەرگێردراو نە جێی متمانەیە و نە بایەخدارە. وەکوو بەشێکی زۆر لە و وەرگێردراوانەی لە باشوور بڵاو دەکرێنەوە. ئەمانە تێکەل‌و پێکەڵێکن لە وتەی سەیروسەمەرە کە نە فڕیان بە سەر زمانی

نووسەرەوە هەیە و نە بۆرە خزمایەتییەکیشیان لەگەڵ نووسراوەکە هەیە. بروانە وەرگێردراوەکانی گۆڤاری سەردەم هی "خاوەن ئیمتیاز شێرکۆ بێکەس" کە کاریگەریان بەسەر بیر و هزر و نووسراوەی نووسەرانی بیانی هێناوە کە با بەدەواری شڕی ناکا.

مەبەست بۆ لەبەر یەکتر دانانی وەرگێردراوی ئەو دوو مامۆستایە تەنیا بۆ نیشاندانی تێکنیکی زمانی وەرگێرانە نە هەڵسەنگاندنی کاری ئەوان. سەرجەمی بەرهەمی ئەدەبی شاملو و قازی تایبەتمەندی و پسپۆری ئەوان لە دوو بەشی ئەدەبدا بە وردی دیاری دەکەن. کۆکردنەوەو نووسینی فەرهەنگی کوچە کاری شاملووە. وەرگێرانی بەشی زۆری کتێبە ئەدەبییە ناسراوەکانی جیهانیش بە فارسی کاری قازییەوە.

ح. ئەیوبزادە